# ئەمریکا

**شیعری ئالان گینسبێرگ**

**لەئینگلیزییەوە: سەردار عەزیز**

ئەمریکا هەرچیم هەبوو پێم بەخشیت ئێستا خۆم هیچم نیە
ئەمریکا دوو دۆلارو بیست و حەوت سەنت 17ی کانونی دوەمی 1956 *
رقم لە ئاوەزی خۆمە
ئەمریکا کەی ئێمە شەری مرۆڤ کۆتایی پێ دێنین؟
برۆ خۆت بگێ بە چەکە ئەتۆمیەکانتەوە
خۆم بێتاقەتم توخوا تۆش بێزارم مەکە
گەر میزاجم نەبێ شیعر نانوسم
ئەمریکا کەی ئەبیتە فریشتە؟
کەی جلەکانت دائەکەنی؟
کەی لە ریێ گۆرێکەوە تەماشای خۆت ئەکەیت؟
کەی ئەبیتە ئەو جێگایەی شایستەی ئەو ملیون ترۆتسکیەت بی؟
ئەمریکا بۆچی کتێبخانەکانت پرن لە فرمێسک؟
ئەمریکا کەی هێلکەکانت ئەنێری بۆ هیند؟
من بێزاربووم لە داوا شێتانەکانت.
کەی ئەتوانم برۆم بۆ سوپەرمارکێت، هەموو ئەو شتانە بکرم کە ئەمەوێ
بە روالەتە جوانەکەمەوە؟
ئەمریکا پاش ئەمە هەموو من و تۆین کە کاملین نەک دونیای داهاتوو.
ئامێرەکانت لەسەرووی توانای منەوەیە
وام لێئەکەی ببم بە کەسی ئاینی
دەبێ رێگایە تر هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئارگومێنتە
بۆرۆ لە تانجەریە باوەرناکەم بێتەوە
نیازپیسیە

ئایا تۆ نیازپیسی یان ئەمە جۆرێکە لە نوکتەیە کی بێ تام؟
من ئەمەوێ ئەم خاڵە روونکەمەوە
من رازی نابم دەست لە خولیاکانم هەڵگرم
ئەمریکا فشار مەخەرەسەرم خۆم ئەزانم چی ئەکەم
ئەمریکا گوڵی دارەکان ئەوەرێن
بۆ چەند مانگێک ئەبێت رۆژنامەم نەخوێندۆتەوە، هەموو رۆژێ کەسێ ئەبەن بۆ دادگا
بە تاوانی کوشتن.
ئەمریکا من هەست بە شانازی ئەکەم دەربارەی ووبڵیەکان1
ئەمریکا کە منالْ بووم کۆمۆنیست بووم، پەشیمان نیم
هەرکاتێ بۆم رێک کەوێت حەشیشە ئەکێشم.
هەندێ جار بۆ چەندین رۆژ لە ماڵەکەما دائەنیشم لە گوڵەباخەکان ئەنوارم لە دۆڵابەکەما
کە ئەرۆم بۆ چایناتاون (شاری چینیەکان) سەرخۆش ئەبم بەبێ ئەوەی نەخۆشکەوم
لێم روونە کە دەردەسەری بەرێوەیە
ئەبوایە بتبینامایە کە مارکسم ئەخوێندەوە
دوکتۆرە دەروونناسەکەم بڕوای وایە کە من کەسێکی ساغ و سەلیمم
وێردەکانی خوا ناخوێنم
تێروانینێکی سیحریانە و هەستێکی گەردونیم هەیە
ئەمریکا هێشتا پێم نەووتویت کە چیتکرد لە مامە سام کاتێ لە رووسیاوە هات بۆ ئێرە
من رووی دەمم کردوەتە تۆ
تۆ چۆن رێ ئەدەی گۆڤاری تایم دەست بەسەر هەستتابگرێ؟
هەموو هەفتەیە ئەیخوێنمەوە.
بەرگەکەی چاوم تێئەبرێ هەرکە بەبەردەم دوکانی شیرینی فرۆشەکەی سوچەکەدا تێئەپەرم.
لە ژێرخانی کتێبخانەی گشتی بێرکلی ئەیخوێنمەوە
هەردەم دەربارەی بەرپرسیارێتی شتم پێئەڵێت. پیاوانی بیزنێس جدین.
فلیمسازەکان جدین. هەمووکەسێ جدیە جگە لە من.
واش رێئەکەوێ کە من ئەمریکابم.
وا دیسانەوە من خۆم ئەدوێنم.
ئاسیا دژ بە من رائەپەرێ
من بەختی کەسێکی چینیم نیە
واباشە بیرێک لە داهاتە نەتەوەیەکان بکەمەوە
داهاتی نەتەوەیم لە دوو لەفە حەشیشە و ملیونەها نەوەو ئەدەبێکی تایبەت-ی بۆ چاپ نەشیاوو
کە بە خێرایی 1400میل لە سەعاتێکا ئەروا و هەروەها بیست و پێنج هەزار شێتخانە
دەربارەی بەندیخانەکانم هیچ ناڵێم نە دەربارەی هەژارەکانم کە لە بەرمیلا ئەژین
لە ژێر روناکی پێنج سەد خۆرا

ماڵە سۆزانیە فەرەنسیەکەم یاساغکرد و تانجەریس بەرێوەیە
هەرچەندە لە راستیا من کاتۆلیکم ئارەزوم ئەوەیە ببمە سەرۆک**
ئەمریکا من چۆن وێردە پیرۆزەکانم بنوسم بەم ئارەزووە بێمانایانەی تۆوە؟
وەک هینری فۆرد2 بەردەوام ئەبم  دێری شیعرەکانم وەک ئۆتۆمبیلەکانی تاکن
هەرچەندە هەریەکە و لە رەگەزی جیایە
ئەمریکا چامەت پێ ئەفرۆشم بە 2500$ هەرچامەیە 500$ هەرزانتر
لە چامە کۆنەکان
ئەمریکا (تۆم موونی) ئازادکە
ئەمریکا (دۆستانی ئیسپانیا) بپارێزە
ئەمریکا (ساکۆ و ڤانزیتی) نابێ بمرن3
ئەمریکا من کورانی (سکۆتسبۆرۆم)4
ئەمریکا کە حەوت ساڵان بووم، دایکم بردمی بۆ کۆبۆنەوەیەکی کۆمۆنیستەکان
نرخی بلیتەکان تەنها نیکڵێک (پێنج سەنت) بوو کۆرەکە بە خۆرایی بوو هەروەها هەموو کەسێ
وەک فریشتەوابوو شارەزا دەربارەی کرێکاران نازانی چەندێ بە ویقاربوون
لە ساڵی 1835 پارتی چەند چاکبوون سکۆت نێرینگ پیرەمێردێکی زۆر بە حورمەتبوو
بلووری دایکم وایلێکردم بگریم یەکجار دەشتی ئیسرائیل ئامتێرم بینیوە. دەبێ هەمووکەسێ
سیخوور بووبێ
ئەمریکا بەراستی تۆ ناتەوێ برۆی بۆ شەڕ
ئەمریکا رووسەکان ئەوان خراپن
رووسەکان ئەوان رووسەکان ئەوان و پیاوە چینیەکان
وە هەروەها ئەوان رووسەکان
رووسەکانن ئەیانەوێ ئێمە بە زیندووی بخۆن
دەسەڵاتدارانی روسیا شێتن.
دەیانەوێ ئۆتۆمبیلەکانمان لە گەراجەکانمان ببەن
ئەیانەوێ شیکاگۆ ببەن. ئەوان پێویستیان بە رێد ریدەر دایجێستە***.
دەیانەوێ کارگەی ماشینەکانمان بەرن بۆ سایبیریا
ئەو بیروکراتیەتە گەورەیە دەیەوێ بەنزینخانەکانمان بەرێوەبەرێت
ئەمە شتێکی باش نیە. ئاە. ئەوەی وا لە هیندیەکان بکا فێری خوێندن ببن
ئەو پێویستی بە قوولەرەشە کەتەکانە
هاها، وا ئەکات لە هەمووومان هەفتەی شانزە سەعات ئیش بکەین
یارمەتی
ئەمریکا بە راستی ئەمە زۆر جدیە
ئەمریکا ئەمە ئەو ئینتیباعەیە کە لە تەماشاکردنی تەلەفزیونەوە لام دروست ئەبێت
ئەمریکا ئایا ئەمە راستە؟

واباشتره هەرزوو برۆم بۆ سەرکارەکەم
ئاشکرایە کە نامەوێ برۆم بۆ خزمەتی سەربازی یان وەک ئامێرێک ببمە کرێکارێکی کۆمپانیا
بە هەرحاڵ من باش نابینم و لەرووی دەرونیەوە تەواو نیم
ئەمریکا من شانە شازەکانم ئەدەمەبەر پێچکە
17کانوونی دووەم 1956 بێرکلی- کالیفۆرنیا

**پەراوێزەکان لەلایەن وەرگێڕەوە:**

شاعیر لە ساڵی 1926 لە نیوئارک لە نیوجێرسی هاتوەتە دونیاوە. لە زانکۆی کۆلۆمبیا خوێندویەتی. یەکێکە لە هەرە ناسراوترین شاعیرە ئەمریکیەکانی ئەم سەردەمە. شاعیر چەندەها کاری سەیر و سەمەرەی کردوە تا لە کۆتاییدا بوو بە نووسەرێک بتوانێ بە نوسینەکانی بژی. لە رووی دونیابینی و هەڵوێستی سیاسیەوە چەپە، شیعری زۆری دژ بە ڤێتنام هەیە. لە نیسانی 1997کۆچی دوای کرد. تێکەلکردنی رستەکان و نەبوونی خاڵبەندی لە هەندێ جێگادا شێوازی شاعیر خۆین بۆیە هێشتمەوە.

* مەبەستی ئەوەیە کە لەرۆژی نووسینی ئەم شیعرەدا تەنها ئەو برە پارەیەی پێی بووە

** تا کاتی نووسینی ئەم دەقە ئەمریکا سەرۆکی کاتۆلیکی نەبوو. یەکەم سەرۆکی کاتۆلیکی ئەمریکا جۆن ئێف کەنەدیە کە لە ساڵی 1963 کوژرا.

*** لەوە ئەچی ناوی رۆژنامە یان گۆڤارێک بێ

1.گروپێکی ئەنارکیستی (ئەنارکیست ووشەیەکی یونانیە بەمانای نەبوونی دەسەڵات دێت، یان نەبوونی حکومەت) ئەمریکیە لە ساڵی 1905 لەلایەن ولیەم هەیوود و یوجین دەبێس ودانیال دی لیون-ەوە دامەزرێنرا. ئامانجیان ئەوەبوو لە ریزی رێکخراوە کرێکاریەکانا هێزێک پێک بێنن بۆ روخانی کەپیتالیزم. پاش جەنگی جیهانی یەکەم حکومەتی ئەمریکی لەریی یاساییەوە رێی لە رێکخراوەکە گرت لە ساڵی 1930 بەتەواوی نەمان.

2.فۆرد 1863-1947 دامەزرێنەری کارگەی فۆرد بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبیلی فۆرد. کە بە هەنگاوێکی شۆرشگێرانە تەماشا ئەکرێ لە بواری دروستکردنی ئۆتۆمبیل. فۆرد لە کۆتایی تەمەنیا بووە کەسێکی رەگەزپەرست تەنها ئەمریکیە کە بەباشی لە (خەباتی منی) هیتلەرا بەباشی ناوی هاتبێ.

3.ئەم دووانە بە رەگەز ئیتالی بوون، هەردوو ئەنارکیست بوون، تاوانبارکران بە برینی دوکانێکی پێڵاو. هەرچەندە بەڵگە نەبوو لە سەریان بەڵام لەبەرئەوەی ئامادەنەبوون خزمەتی سەربازی بکەن بریاری بەندکردنیان درا.

4.ئەم کورانە ژمارەیان دوانزە کەس بوون هەموویان رەش پێست بوون بەوە تاوانبارکران کە گوایە دوو ئافرەتی سپی پێستیان لە ناو شەمەندەفەرا لاقەکردوە. سەرەرای نەبوونی بەڵگە بەڵام لە بەر رەگەزپەرستی چونکە هەموو قازیەکان سپی پێست بوون، بریاری لە سێدارەدانیان درا. بەڵام پاشان سوککرا بۆ بەندکردن.